# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کوردی ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زایینــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# ڕۆڵی ئامێری قانون لە موزیکی کوردیدا

## (تیپی هونەریی هەولێر وەك نمونە)

**مظهر اسماعیل حویز**
بەشی هونەرەکانی موزیك، کۆلێژی
هونەرە جوانەکان زانکۆی سەلاحەددین
madhhar_esmaeel@gmil.com

**پ.د ناصر هاشم بدن**
بەشی هونەرەکانی موزیك، کۆلێژی
هونەرە جوانەکان زانکۆی سەلاحەددین
nasserbadan60@gmail.com

**پ.د إدریس عبدالله مصطفی**
بەشی زمان، کولێژی ئاداب زانکۆی
سەلاحەددین
idrees.kurdesh@su.edu.krd

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵ و بەکارهێنانی ئامێری قانون لە موزیکی کوردی بەگشتی و تیپی هونەری هەولێر - کوردستان عێراق بەتایبەتی دەکات. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژوویی وەسفی بەکار هاتووە کە باس لە مێژووی ئامێری قانون و دەنگەوار و شێوە و بەشەکانی لەخۆ گرتووە، هەروەها لە ڕووی چۆنیەتیی ژەنینیەوە، جگە لە دیارترین کارامەییەکانی ژەنین لە سەر ئەم ئامێرە، توێژەران باس لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئامێری قانون لە کوردستانی عێراق و دیارترین موزیکژەنەکانی و هەروەها هەندێک ژەنیاریش دەکەن، کە ڕۆڵیان لە ژەنینی ئەم ئامێرە و پەرەسەندنی موزیکی کوردیدا هەبووە. بەخستنەڕووی چەند نموونەیەك لە گۆرانی کوردیدا، کە تێیدا ئامێری قانون بەکار هێنراوە، دواتر توێژینەوەکە کۆمەڵێک ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاری خستۆتە ڕوو.

کلیلەوشە: ئامێری قانون، موزیکی کوردی، تیپی هونەری

**١- پێشەکی**

هونــەرە لاســاییکەرەوە بــاوەکان، فۆلکلــۆری ڕەســەن و کەلەپــووری میللیــی کــۆن دەگرێتــەوە، لــە خــۆڕا نەهاتــووە، بەڵکــو دەرئەنجامــی سروشــتی کارلێکــی نێــوان تــاک و گروپــی دەوروبــەرن، لــە ڕۆژگار و چەرخــە یــەک لــە دواییەکەکانــی ڕابــردوودا. بــە هــۆی فاکتەرەکانــی پەیوەندییــە هەســتەوەری و ســۆزدارییەکانی نێــوان خەڵکــی هەمــان وڵاتــدا دروســت بــووە، لــە یــەک دابونەریــت و بــاوەڕ و هیــوا ســەرچاوەیان گرتــووە (خلیفــة،٢٠٠٥»:٢) موزیــك هونەرێکــە لــە هونــەرە کۆمەڵایەتــی و جوانکارییــە مرۆڤایەتییــەکان، کــە بــە ئاســانی بــڵاو دەبێتــەوە لــە نێــو مرۆڤەکانــدا- ئــەو هونــەرەی هــەر لەکۆنــەوە لــە نــەوە یــەك لــە دوای یەکەکانــی ڕابــردووی پێــش خــۆی بــۆی ماوەتــەوە. دەســتپێکی موزیــك لــە دوو ســەرچاوەی گرینــك ســەریهەڵداوە، یەکێکیــان سروشــتییە، وەک دەنگــی ڕووەک یــان شــتە بێگیانــەکان دووەمیــان شــتە دەســتکردەکان، کــە لــە ئامێــرە موزیکییەکانــەوە ســەرچاوە دەگرێــت، کــە مــرۆڤ بــۆ خــۆی دروســتی دەکات بــۆ ئــەوەی بیروکەکانــی و هەســت و ســۆز و کردارەکانــی و بوونــی خــۆی دەرببڕێــت.

ئامێــرە موزیکییــەکان بەشــێکن لــە شارســتانی گشــتی، مێژووەکــەی نیشــانمان دەدات کــە ئــەم میللەتانــە چەنــد بــەرەو پێــش چــوون و چەندیــان بڕیــوە. ســەرەتا مــرۆڤ بیرۆکــەی ئــەوەی بــۆ هــات کــە دەســتوپێیەکانی بــەکار بهێنــێ بــە مەبەســتی کونترۆڵکردنــی ڕیتــم، پاشــان هەوڵــی دروســتکردنی ئامێــرە ڕیتمییەکانیــدا و وردە وردە بــەرەو پێشــەوەی بــرد، وەك دەهــۆڵ و دەف و ســەنج و...هتــد. (هیــلات،٢٠٠٧ : ٢١٥)

دواتــر بیرۆکــەی ئامێــرە فوودارەکانــی بــۆ هــات و لــە قامیــش و ئیســقانی وشــك دروســتی کــردن. پاشــان لــە ســەدەفی ئــاوی، لەبــەر ئــەوەی کــە دەنگــی ترســناکی لێــوە دەردەچــوو. بــۆ ترســاندنی گیانــداران و هەندێــک کاری تــر بەکاریــان دەهێنــا.

دواتــر مــرۆڤ ئامێــرە فیکەدارەکانــی دۆزیــەوە کــە لــە کۆمەڵێــک قامیشــی جۆراوجــۆر لــە ڕووی درێــژی و کــراوە لــە لایــەك و داخــراو لــە لاکــەی تــر. وردە وردە ئامێــرە موزیکییــە فــوودارەکان پێــش کەوتــن و لــە کانــزا، یــان لــە دار دروســت دەکــران. لــە کۆتاییــدا بیرۆکــەی ئامێــرە ژێدارەکانــی بــۆ هــات. ســەرەتا لــە چڵەدارێکــی چەمــاوە کــە هــەر دوو لای ژێــی پێــوە چەســپاندبوو دواتــر ژێیەکــەی لەســەر ســندوقی دەنگــدار چەســپاند بــەم شــێوەیە بیرۆکــەی ئامێــرە ژێــدارەکان هاتــە کایــەوە

لێکۆڵینــەوە مێژووییــەکان ئــەوە دەســەلمێنن بەدرێژایــی مێــژوو ئامێــرە موزیکییــە جوراوجــۆرەکان لــە میزۆپۆتامیــا بوونیــان هەبــووە، بــەڵام بەشــێکی زۆر لــەم ئامێرانــە ون بــوون و فەوتــاون و لەبیرکــراون، ڕەنگــە شــەڕ و ڕووداوە سیاســییەکان، بەدرێژایــی ســەردەمە جیــا جیــاکان، هــۆکاری ئەمــە بــن (علــوان،٢٠١٣ : ٤٤٣-٤٦٢)

قانـون، یەکێکـە لـە حـەوت ئامێـرە (تـەرەب)ەکان (چەنـگ- عـود- سـەنتور - قانـون - دریـج - کەمانچـەی چینـی). زۆربـەی ئامێــرە موزیکییــە ژێــدارەکان ســەرچاوەیان دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەم ئامێرانــە وەک: هــارپ، لیــر، دولشــیمر، کلاڤیکــۆرد، و سـیتار، سـپینێت، قانونـی ئەوروپـی. چنـگ ئاشـورە، مونوکـورد.

ئامێـری قانـون لـە سـەدەی بیسـتەمدا هـەر بـەو شـێوەیەی ئێسـتا بـەکار هێـنراوە و چەندیـن نـاوی هەبـووە: (بـە زمانـی سـۆمەری پێـی دەوتـرا (قانـۆ) – نوزهـە - مۆنۆکـۆرد - زایتـەر سـیتارا - و قانـون). ئـەم ئامێـرە یەکێکـە لـە دیارتریـن ئامێـرە موزیکییـە ڕۆژهەڵاتییـەکان و بـە هـەر دوو دەسـت دەژەنرێـت. پانتاییەکـی تۆناڵـی فراوانـی هەیـە دەگاتـە سێ ئۆکتـاڤ و نیـو. ئـەم بـوارە دەنگییـە جۆراوجۆرانـە لەخـۆ دەگرێـت، کـە لـە نێـوان تۆنـە تیـژەکان واتـە (زیـر) و تۆنـە گـڕەکان (گـڕ- بـم) کـۆ دەبنـەوە، ئەمـەش ڕێگـە بـە ژەنیـار دەدات بـە ئـازادی جووڵـە و گۆڕینـی تۆناڵـی هەبێـت.

بـەو شێوەیە هەمـوو مقامەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتـی لەخـۆ دەگرێـت، ئـەو کەسـەی گـوێ بیسـتی بێـت، لـە یـەک کاتـدا، وا بیـر دەکاتـەوە کـە گوێـی لـە دوو ئامێـرە، بۆیـە نووسـینی مۆدێـرن بـۆ ئـەم ئامێـرە بووەتـە هەمـان ئـەو نووسـینەی کـە لـە دۆخـی پیانـۆدا هەیـە (علـوان،٢٠٠٧ : ٤٦٢).

ئامێــری قانــون، وەك یاســا، یــان دەســتوورە بــۆ هەمــوو ئامێــرە موزیکییــە ڕۆژهەڵاتییــەکان، دەتوانیــن بڵێیــن ئامێــری قانــون ئامێــری دایکــە. چونکــە ئامێرێکــی ســەرەکییە لــە ڕۆژهــەڵات هاوشــێوەی پیانۆیــە لــە ڕۆژئــاوا .beit-almusica) (org,٢٠٢٣,online.

ئامێری قانـون لـە کۆنـەوە ئاشـنایە لـە لای مـرۆڤ، ئەمـەش

بە دەوڵەمەندیی تۆنەکانی موزیك جیا دەکرێتەوە، لەگەڵ جۆرەکانی دەنگی مرۆڤدا هاوتایە و دەگونجێت. مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان. پاشماوە موزیکییە دێرینەکان و سەرچاوە مێژووییەکان لە کتێبە نەریتییەکاندا دەیسەلمێنن، کە شێوەی جیاوازی وەرگرتووە، وەک: چوارگۆشە، لاکیشە، سێگۆشە، شێوەلار.

قانون، ئەم شێوە ناسراوەی ئێستای لە ئامێری نوزهەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، و فارابی گۆڕانکاری کردووە لە شێوە و ناوەڕۆکی ئەم ئامێرەدا.

لە عێراقدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام بۆ چەندین سەدە ون بوون، دواتر سەرەتای سەدەی بیستەم جارێکی تر لەگەڵ تورکە عوسمانییەکان سەریهەڵدایەوە. یەکەم جار ئەم ئامێرە وەك ئامێرێکی میلۆدی بڵاو بووەوە، پاشان وردە وردە لە ناو تیپە موزیکییەکانی تایبەت بە مقامەکان جێگای ئامێری سەنتوری گرتەوە. قانون لە تیپی تەختی ڕۆژهەڵاتدا بەکار هێنرا، لەگەڵ عود و شمشاڵ و تەپڵدا (حسن،١٩٩٢: ١١٣).

تا سەدەی بیستەم تاکە ڕێگە بۆ بە دۆکیومێنتکردنی موزیکی ڕۆژهەڵاتی گواستنەوەی زارەکی بوو، لەگەڵ دامەزراندنی پەیمانگای موزیکی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و جیهانی عەرەبی، پرۆسەی دانان و پەرەپێدانی تیۆری تایبەت بە فێرکردنی ئامێرەکانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی پێویستییەکی پێداگیر و حەتمیی بوو. گومانی تێدا نییە، کە ڕۆژئاوا پێشەنگ بووە لە پەرەپێدانی تیۆری پەروەردەیی بە مەبەستی فێرکردنی ئامێرە موزیکییە جیاوازەکان. دەرئەنجام کۆمەڵێک موزیکژەنی ڕۆژهەڵاتی هەڵسان بە دانانی تیۆر بۆ ئامێرە ڕۆژهەڵاتییەکان، هاوشێوەی تیۆرەموزیکییە ڕۆژئاواییەکان. ئەم تیۆرانە زۆر لەو بنەما بنەڕەتییانەی لەخۆ گرتبوو، کە پێویست بوو بۆ فێربوون و نووسین و ڕاهێنانی تەکنیکی بە شێوەی ئاسان، و وردە وردە بەرەو سەختی. لەگەڵ کۆمەڵێک فۆرمی ئامێری لە نێو ئەو سەماعیانە و بەشرەف و لۆنگانەی کە تایبەتن بە موزیکی ڕۆژهەڵات، ئەمەش بووە هۆی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک ئەزموون، کە پێشەنگەکانی ئامێرژەنەکان بە شێوەیەکی زانستی بۆ خوێندکارانی پەروەردە لەو ماوەیەدا بە دەستیان هێناوە، کە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی هەبوو لەسەر گەشەکردن و پێشکەوتنی شێوازی ژەنین (حداد، ٢٠٠٩ : ٢٥)

توێژەران پێیان وایە کردنەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکان، وەك: پەیمانگا و کۆلێژ، کارێکی گرنگ و کاریگەر بوو. بەتایبەت بۆ فێرخوازانی بواری هونەری موزیك، بۆئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێری ژەنینی ئامێرەکان ببن. ئەوەش سەرەتا لە پایتەختی عێراق دەستی پێ کرد ناوەندێکی وەك: پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری بەغدا کرایەوە، بووە هۆی ئەوەی قوتابییان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی عێراق ئەوانەی ئارەزووی هونەرییان هەبوو ڕوو لەو ناوەندانە بکەن. ئەمە وایکرد کۆمەڵێک لاوی کورد ڕوو بکەنە ئەو پەیمانگایە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا دوای ساڵانی ١٩٦٠ درێژە بە خویندن بدەن. پاش دەرچوونیان لە پەیمانگا و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان، توانییان برەو بە بواری هونەری و تواناکانی خۆیان بدەن. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هونەری موزیك پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە ببینێ.

**١-١ کێشەی توێژینەوە**

ئامێری قانون بە ئامێرێکی سەرەکی تیپە موزیکییە ڕۆژهەڵاتییەکان دادەنرێت، بەهۆی ئەوەی دیارترین ئامێرە. موزیکژەن و ئاوازدانەرەکان لەیەکتر جیا ناکاتەوە لە ژەنین و پرۆسەی داهێنانی موزیکی ڕۆژهەڵاتی، شوێنێکی بەناوبانگ و دیاری گرتووە بەهۆی جوانی بەهێزی دەنگەکەی و مێژووی دوور و درێژی قانون. هەرچەندە ئەو توێژینەوانەی بۆ ئەم ئامێرە کراون سادەن و جێگای خۆیان پڕنەکردۆتەوە. ئەمەش دەرفەتی ڕەخسان بۆ توێژەران، کە باس لە چەند لایەن و گۆشەی گرینگی ئەم ئامێرە بکەن، لە تەختی موزیکی ڕۆژهەڵاتی کوردیدا.

**١-٢ گرینگی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر سەردەمێکی گرنگی موزیکی کوردی، هەروەها باس لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر دەکات لە پەرەسەندنی بەکارهێنانی ئامێری قانون لە تیپی هونەری هەولێر. یارمەتیدەر دەبێت بۆ

خوێنــدکاران و موزیکژەنــان، بــۆ بەدەســتهێنانی زانیاریــی هونــەری فراوانــتر لەســەر ئــەم ئامێــرە.

١- ڕۆڵــی ئامێــری قانــون لــە تیپــی هونــەری، هەولێــر - کوردســتانی عێــراق.

٢- دەستنیشانکردنی پێکهاتە و بنیادی ئامێری قانون.

٣- ناساندنی مێژووی ئامیری قانون.

٤- چۆنییەتی ژەنین و تایبەتمەندییەکانی.

٥- لێهاتوویی و کارامەیی ژەنین لەسەر ئەم ئامێرە.

ئــەم توێژینەوەیــە بــاس لــە چۆنییەتــی هێنــان و دەرکەوتنــی ئامێــری قانــون لــە کوردســتانی عێــراق دەکات و بەکارهێنانەکانــی و دیارتریــن موزیکژەنەکانــی لــە کوردســتاندا، دواتــر کورتەیــەک لــە ژیاننامــەی ژەنیــارە ناودارەکانــی قانــون.

**١-٣- ئامانجی توێژینەوە**

١- ئامانجــی ئــەم توێژینەوەیــە ڕۆشــنایی دەخاتــە ســەر ڕۆڵــی قانــون لــە موزیکــی کوردیــدا. پەرەپێــدان و بەکارهێنانــی قانــون لــە تیپــی هونــەری هەولێــر- کوردســتانی عێــراق.

٢- ئاشــکراکردنی تایبەتمەندییەکانــی قانــون، ڕۆڵ و میکانیزمــی لــە ژەنینیــدا، و مامەڵەکــردن لەگەڵیــدا وەک ئامێرێکــی موزیکــی گرنــگ لــە موزیکــی کوردیــدا.

**١-٤ سنووری توێژینەوە**

**ســنوری کات:** ناوەڕاســتی حەفتــاکان تــا ناوەڕاســتی هەشــتاکانی ســەدەی بیســتەم. ســاڵی ١٩٧٥-١٩٨٥.

**ســنووری شــوێن:** کوردســتانی عێــراق، تیپــی هونــەری هەولێــر.

**١-٥ ڕێبازی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژوویی وەسفییە.

**چەمکە سەرەکییەکان**

**ڕۆڵ:** ڕۆڵ مۆدێلێکە کە لە دەوری هەندێک ماف و ئەرک دامــەزراوە، و بەســتراوەتەوە بــە پێگەیەکــی دیاریکــراو لەنــاو گروپێــک یــان دۆخێکــی کۆمەڵایەتــی دیاریکــراودا، ڕۆڵــی کەسێک لــە هــەر بارودۆخێکــدا بــە کۆمەڵێــک چاوەڕوانــی دیــاری دەکرێــت، کــە لــە لایــەن کەسانی دیکــەوە لــە باوەشــی گرتــووە وەک: لەلایــەن... تــاک خۆی(جمعــە، ٢٠٠٠ :٣٧)

**١- ئامێر**

نــاوی ئامێــری قانــون لەوشــەی (قانــو)ی ســۆمەرییەوە ســەرچاوە دەگرێــت. (قانــو) بــە واتــای ریشــەیە یــان (تۆنــدەر) یــان ئــەو لێدەرانەیــە (مــضراب) کــە بــەکار دێــت بــۆ ژەنینــی ئامێرەکــە، هەروەهــا دەوترێــت ئــەم نــاوە لــە وشــەیەکی یۆنانییــەوە هاتــووە، کــە بــە ئامێریکــی پێــوەری ڕێــژەی دەنگــی پلیکانــەی موزیــك ئامێــری مۆنــو کــورد دەگوترێــت (رشــید"٢٠٠٠ :١٩٤). لــە ڕووی فراوانــی ڕووبــەری دەنگییەکانییــەوە، و وەک یاسایەك بــۆ ئامێــرە ژێدارەکانــی تــری ڕوژهەلاتــی دادەنرێــت. کــە لــە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا بــە هــۆی عەرەبەکانــی ئەندەلوســەوە لەگــەڵ نــاوە عەرەبییەکــەی گوێزراوەتــەوە بــۆ ئەوروپــا (iraqiart.com,online).

**٢- پێناسەی ئامێر**

قانــون ئامێرێکــی موزیکــی ژێــدارە و لــە ســندوقێکی تەختــەی دار پێــک هاتــووە، ژێیەکانــی ڕایــەڵ- کێــش کــراون بەســەر ســندوقەکە (almoseqa.com نسریــن،٢٠٢١) ژەنیــار هەڵدەســتێت بــە جووڵاندنــی پەنجەکانــی دەســتی ڕاســتی، یــان بــە بەکارهینانــی ڕیشــە (تۆنــدەر)ی ئەنگوســتیلەدار بــۆ دەرخســتنی نەغمــە جۆراوجــۆرەکان، لــە کاتێکــدا پەنجەکانــی دەســتی چــەپ بــەکار دەهێنێــت بــۆ وەســتاندنی ژەنینــی ئامێرەکــە.

ئــەم ئامێــرە لــە شــێوەی نیمچــە ( کــوور - لار) دروســت کــراوە، هەروەهــا لــە لای ڕاستیشــەوە، گەورەتریــن لا هاوتەریبەکانــی، لــە لای خــوارەوە، پێــی دەوترێــت بنکــە، و نزیکــەی ســێ چــارەگ، مەترێــک یــان مەتــر زیاتــرە، لایــە بچووکەکەشــی نــاو دەبرێــت بــە (القبلــە) وە درێژییەکــەی نزیکــەی ســێیەك، یــان چارەگــی درێــژی بنکەیــە ( الخشــبة، ٢٠٠٩ : ١٦٠)

**٢- بەشی دووەم: وەسف و پێکهاتەی ئامێری قانون**

ئامێرێکــی موزیکــی ڕۆژهەڵاتــی کۆنــە و مێژووەکــەی دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەردەمانی شارســتانییەتە دێرینەکانــی ڕۆژهــەڵات. توێــژەران پێیــان وایــە ئــەم ئامێــرە لــە ڕێــگای هاتوچــۆ و بازرگانــی، یــان ناکۆکییــەکان و جەنگــی نێــوان وڵاتانی ڕۆژهــەڵات، خۆرئــاوا بەتایبەتــی یۆنانییــە کۆنــەکان گوێزرابێتــەوە، ماوەیەکــی کــەم پێــش ســەردەمی فیســاگۆرس ســەریهەڵداوە. داهێنانــی پیانــۆ بــۆ ئــەم ئامێــرە موزیکییــە دەگەڕێتــەوە،

سەرچاوەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بووە و لە باوەشیدا جێگیر بووە و پەرەی سەندووە. قانون بە یەکێک لە گرنگترین ئامێرە موزیکییە ڕۆژهەڵاتییەکان دادەنرێت، کە خۆشترین دەنگی هەیە (الحلو،١٩٧٢: ١٦٩)

لەبەر ئەوە بە دەوڵەمەندترین ئامێر دادەنریت لە ڕووی پلە و ژمارەی دەنگەکانی. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە وەك ئامێرێکی سەرەکی لە تیپی موزیك (تەخت) لە نێوان ئامێرە سەرەکییەکان جێگیر کرا، وەك ئامێرێکی خاوەن سیستەمە ژێیە تاکەکانی بەکار دەهێنرێت، و هەردەنگێك لە دەنگەکانی موزیك دەکاتە ژێیەکی تایبەت دەژەنرێت و پێکەوە کار دەکەن، چونکە کارکردن لەسەر ئامێری قانون بە دەستی ڕاست لەسەر دەنگە (تیژەکان- زیرەکان)، وە بە دەستی چەپ دەنگە (گڕەکان - بەمەکان) ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوە، گوێگر لەیەک کاتدا گوێی لە دوو دەنگ دەبێت، واتە دەنگە بەمەکان و دەنگە زیرەکان.

ئامێری قانون وەك یاسایەك دادەنرێت بۆ هەموو ئامێرە موزیکییە ڕۆژهەڵاتییەکان. کە سێ ئۆکتاف و نیو لەخۆ دەگرێت و بەمە هەموو مقامە موزیکییەکان لە خۆ دەگرێت. ئەمە وا دەکات لە ڕووی دەنگەوە وەك یەکێك لە دەوڵەمەندترین ئامێرە موزیکییەکان دابنرێت.

بەڵام سەبارەت بە دوو ئامێرە موزیکییە کۆنەکە لە لایەن ڕۆژهەڵاتییە کۆنەکان لە کۆڕەکانی گۆرانی و شانۆ و کات بەسەربردنەکانیاندا بەکاریان دەهێنا، ئەوانیش (چەنگ و شەهرود)ـە، هەر دوو ئامێر شێوەیان لە ئامێری قانون دەچێت ( الحلو،١٩٧٢: ١٦٩)

**١-٢- مێژووی ئامێر:**

کاتێک بە دوای گەشتێکی مێژوویی قانوندا دەڕۆین، وردە وردە لە سەردەمە جیاوازەکاندا بۆمان دەردەکەوێت، کە زنجیرەیەک ئەڵقەی پیشکەوتن کە پەرەی سەندووە هەر لە کۆنەوە بە سەرهەڵدانی پەرەسەندنی ئامێرە ژێدارەکان دەستیان پێک رد، تا بە شێوەی ئێستای جیگیر بووە. باس لەوە کراوە، کە فارابی ئەو کەسەیە ئەم ئامێرەی داهێناوە، بەڵام ئەگەری ئەوە زیاترە کە سەرەڕای دروستکردنی هەندێک دەستکاری و پەرەسەندنی بۆ کردبێت، بەڵام ئامێرێکی دێرینە هەرچەندە ناو و فۆرمی تری وەرگرت جیاواز بوو لەو شێوەیەی ئێستای کە دەیبینین (محمود،٢٠٢٢ : ٢٤٣٧).

سەرهەڵدانی چەندین ئامێر، کە لە قانون دەچن لە شارستانییەتە سەرەتاییەکان هاتە ئاراوە. وەک: شارستانییەتی سۆمەری و فیرعەونی، کە چەندین ئامێریان تێدا دەرکەوتووە، و لە شارستانییەتی ئاشووری لە عێراقدا، ئامێری ئاشوور لەوێ دەرکەوت. سەبارەت بە شارستانییەتی یۆنانی، ئامێری (مۆنۆکۆرد) تێیدا دەرکەوت. مێژوونووسان هەمیشە قانونیان بە یەکێک لە گرنگترین و دەوڵەمەندترین ئامێرە مێلۆدییەکان زانیوە. دەرکەوتنی لە موزیکی ڕۆژهەڵاتی لە گروپی موزیکی تەختی ڕۆژهەڵاتی لە ناوەڕاستی ئامێرەکاندا نوێنەرایەتی بنەمای کامڵبوون و ڕێکخستن و ڕۆڵێکی سەرەکی گرنگ دەکات (محمود،٢٠٢٢ :٢٤٣٧).

مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٥ هەزار ساڵ، سەرەتا لە سۆمەرەوە بووە لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە پێیان وایە وشەی «زایثەر»، بە واتای یاسا دێت لە زمانی عەرەبیدا، وشەیەکی ئەڵمانییە، لە وشەی یۆنانی وەرگیراوە. «سیثارا» بە واتای گیتار دێت. لە ڕابردوودا هەر ئامێرێکی موزیك کە ژێ و فیگەرێکی دار لەخۆ بگرێت، پێی دەگوترا «گیتار»، ئەو ئامێرە موزیکیانەی کە ژێیان تێدایە لە یەک دەچن، بەڵام لە شێوە و فیگەرە دارەکاندا جیاوازن، کە ئامێرە موزیکییەکان هەڵدەگرن، چونکە هەندێکیان لە شێوەی سێگۆشە، یان شێوەلار- کوڕ دێن، بەڵام سەبارەت بە باوترین شێوە، ئەو شێوە لاکێشەییە کە لە گۆشەی سەرەوەی ڕاستەوە بە شێوەلاری دەبڕدرێت، ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ئامێری قانون بەبێ مل دیزاین کراوە، بەپێچەوانەی ئامێرە ناسراوەکانی خێزانی گیتار (.almoseqa com نسرین، ٢٠٢١).

مێژوونووسان و توێژەران بەپێی ئەو ئاماژە مێژووییانەی لەبەر دەستی هەر یەکێکیاندا بووە، بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە مێژوو و سەرچاوە و گەشەسەندنی ئامێری قانون هەیە. هەروەها تێبینی کراوە، کتێبە عەرەبییەکانی ئێستا کە باس لە مێژووی موزیکی عەرەبی دەکەن ئامێرەکان بەتایبەتی، بەداخەوە، کەم و پڕن لەم شتە نەرێنییانەی خوارەوە:

یەکـەم: نەبوونـی سـەرچاوەی گرنـگ و بنچینەیـی کـە تایبەتـن بـە لێکۆڵینـەوە لـە ئامێـری قانـون.

دووەم: پشـت نەبەسـتنیان بـە دەستنووسـە موزیکییەکانـی عەرەبـی، یـان سـەرچاوە بـۆ مێـژووی موزیـك.

دکتـۆر سـوبحي ئەنـوەر ڕەشـید بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن پشـکنەر و توێـژەر لـە مێـژووی ئامێـرە موزیکییـەکان و لـە شوێنەوارناسـی موزیـك دادەنرێـت، بـەو پێیـەی زۆربـەی توێـژەران وەک سـەرچاوە پشـتیان بـە کتێبەکانـی ئـەو بەسـتووە. د. ڕەشـید لەسـەر مێـژووی ئامێـری قانـون لـە کتێبەکانـی (کتێبـی ئامێـرە موزیکییـەکان لـە سـەردەمی ئیسلامیدا، کتێبی مێـژووی موزیکی عەرەبـی، و کتێبـی ئامێـرە موزیکییەکانـی یـاوەری مقامـی عێراقـی) تێیـدا بـاس لـەوە دەکات کـە قانـون سـەرچاوەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئامێرێکـی ژێـداری ئاشـووری لـە (سـەردەمی ئاشـووری نـوێ)، بەتایبەتـی لـە سـەدەی نۆیەمـی پێـش زایيـن. ئـەم ئامێـرە لەسـەر سـندوقێکی عـاج هەڵکەنـدراوە، لـە نەمـرودی پایتەختـی ئاشـوور (نـاوی کـۆن: کالـح) دۆزراوەتـەوە، کـە نزیکـەی (٣٥ کـم) لـە شـاری مووسـڵەوە دوورە. ئامێـری ژێـدار لـەم نەریتـە ئاشـوورییەدا شـێوەی چوارگۆشـەیە و ژێیەکانـی بـە شـێوەی ئاسـۆیی و هاوتەریـب لەگـەڵ ڕووی سـندوقی دەنگیـدا دەبەسـترێ. عەرەبـەکان لـە سـەردەمی عەباسـیدا نـاوی نوزهەیـان بـە ئامێـری لاکێشـەی ژێـدار، هاوشـێوەی ئامێـری ئاشـووری داوە (almoseqa.com نسریـن، ٢٠٢١).

ئامێـری قانـون بـە شـێوەی نـاسراوی ئێسـتای لـە ئامێـری نوزهـە سـەرچاوەی گرتـووە لەهەمـان کاتـدا ئامێـری نوزهـە خـۆی پاراسـت و بـەردەوام بـوو لەپـاڵ قانـون لـە ڕۆژهـەلات و ڕۆژئـاوا بـەکار هاتـووە، دواتـر نەمـا و قانـون جێـی گرتـەوە. بەکارهێنانـی قانـون لـە ئەوروپـا لـە سـەدەکانی دواتـردا بـەردەوام بـوو، بـەڵام بـە هـۆی سـەرهەڵدان و بڵاوبوونـەوەی ئامێـری پیانـۆ لـە سـەدەی حەڤدەهەمـی زاینییـەوە گرنگیـی و بەکارهێنانـی کـەم بـووەوە، ئەمـەش بـە گواسـتنەوەی قانـون کـە تەنیـا لـە ئەوروپـادا سـنووردار نەبـوو، بەڵکـو لـە هیندسـتان و ئاسـیای ناوەڕاسـت و چینیشـدا سـنووردار بـوو(almoseqa.com نسریـن، ٢٠٢١).

**٢-٢ پێوانەی ئامێر:**

ئامێـری قانـون جـۆر و پێـوەری جیـا جیـای هەیـە، ئێمـەش ئـەو جـۆرە بـاس دەکەیـن کەلـەم ناوچەیـەدا بـەکار هاتـووە.

| | | |
|---|---|---|
| ١ | بنکەی گەورە | ٧٥- ١٠٠سم |
| ٢ | بنکەی بچووك | ٤٧ سم |
| ٣ | شانی وەستاو و شانی لار | ٨٨ سم |
| ٤ | بەرزی | ٥,٥ سم |
| ٥ | دریژی پیستە | ٤١ سم |
| ٦ | پانی پیستە | ٤٦ سم |
| ٧ | (راستەی ژێبەست (ژێبەستەکان | لەنێوان ٦٣-٨٤ |
| ٨ | ژێیەکان | ٧٨ – ژێیە |

**٣-٢- چۆنیەتیی ژەنینی ئامێر**

قانـون لەسـەر ڕانەکانـی ژەنیـار دادەنرێـت، لەکاتـی دانیشـتن، یـان دانانـی لەسـەر مێزێـک لەبەردەمیـدا دادەنرێـت. بەجۆرێـک دانیشـتنەکەی بـەرەو ئـەو ئاراسـتە دەکرێـت، یـان قانونەکـە بەپێـی دەوری سـندوقی دەنگدانەکـە لـە سـەرەوەی سـتاندەکە دادەنرێـت، بەجۆرێـک کـە بـۆ موزیـك ژەنەکـە گونجـاو بێـت، نێوەندگیـری دەکات. لـە کاتێکـدا لەسـەر کورسـییەکەی پشـت قانونەکـە لـە لای خـوارەوەی ئامێرەکـە دانیشـتووە و پشـتی ڕاسـتە و بـە لێدانـی ژێیەکانـی بـە دوو (تونـدەر) بـە دوو (ریشـە) دەژەنـرێ. کـە لـە دوو پەنجـەی ئاماژەی پێشـەوەی دەسـتی چـەپ و ڕاست دەبەسـتریتەوە بـە ئەڵقەیەکـی کانزایـی بـە جووڵەیەکـی نـەرم و نیـان بـە نرکـەی تۆنـدەرەکان لەسـەر ژێیـەکان ببـێ ئـەوەی دەسـت بـە ژێیەکانـی تـری نزیـك ئـەم بکەوێـت ( اسـحق، ٢٠١٢ : ٥٥) لـە ژێـر (پەنجـەی ئامـاژەدا) دەمێنێتـەوە، و ژێیەکـە بـە ڕیشـەکە (توندەرەکـە) دەژەنرێـت و پاشـان جووڵەکـەی ڕاسـتڕەوە بـە ژێیەکەیـەوە. پەنجـەی ئامـاژەی دەسـتی چـەپ، جگـە لـە ژەنینی، نەغمـە گـرەکان بـەرز دەکاتـەوە، یـان دادەبەزێنێـت، هەندێـک جاریـش پەنجـەی گـەورە و ناوەڕاسـت لـە دەسـتی چـەپ بـۆ ژەنییـن بـەکار دەهێنرێـن.

سـەبارەت بـە شـێوازەکانی ژەنینـی قانـون، شـێوازی ئاسـایی

هەیــە کــە ژێیــەکان بــە پەنجــەی ئامــاژەی کــە پشــتی پــێ دەبەســتن، هەروەهــا شــێوازی ژەنییــن بــە ســێ پەنجــە هەیــە لــە هــەر دەســتێکەوە لــە حاڵەتــی لێدانــی چەنــد نەغمەیــەك لــە یــەک کاتــدا، بەجۆرێــک کــە بــە پەنجــەی ئامــاژە و پەنجــەی گــەورەی ناوەڕاســت یــاری پــێ بکرێــت، ڕێگــەی ســێیەم، بــە لێــدان دەبێــت بــە پێنــج پەنجــەی هــەر دەســتێک، وەک چــۆن لــە ئامێــری هــارپ هەیــە.


**٢-٤- دروستکردنی ئامێر**

لــە دروســتکردنی ســندوقی ئامێــری قانــون، جۆرەهــا دار بــەکار دێــت، باشــترینیان دار گوێــزە، کــە گونجــاوە بــۆ دروســتکردنی چوارچێوەکــەی، لەبــەر ئــەوەی کونیلــەی تێــدا نییــە. هەروەهــا داری جــاو، دارە ســوورە کەمــتر گونجــاوە لــە داری گوێــز، چونکــە ڕیشــاڵی دیــار و ماددەیەکــی چەســپی تێدایــە، بــە هــۆی ئــەوەوە خێــرا دەشــکێت. بــۆ دروســتکردنی ســندوقی ئامیرەکــە داری بــەڕوو و گوێــز بــەکار دێــت و داری جامــی ســپی و معاکــس و بــۆ درســتکردن لایەکانــی پێشــەوەی ئامێرەکــە بــەکار دێــت (حســن،١٩٩٢ :١١١-١١٢).

ســندوقی دەنــگ بەشــێکی ســەرەکییە لــە ئامێــری قانــون. بــەزۆری لــە دار گوێــز دروســت کــراوە و شــێوەی نیمچــە کــوڕ- نیمچــە چەماوەیــە (الحفنــي،١٩٧١: ٤٧-٤٨) بەشــە لاکێشــەکەی دادەپوشرێــت بــە پارچەیــەك پێســتی ماســیی خۆماڵــی، وەك ماســیی جــووڕی و ماســیی دەریایــی هاوردەکــراو وەك پێســتەی قــرش واتــە ماســیی کۆســە. و چەرمــی بــەز کــە لــە باکــووری عێراقــدا هەیــە و لــە ڕووبــاری خابــور دەژی، و یەکێکــە لــە باشــترین جۆرەکانــی چــەرم. ئــەم بەشــە لاکێشــە لــە ڕێگــەی چوارچێوەیەکــی دار، کــە دەوری داوە جێگیــر دەکرێــت و بــە تەختــەی دار پشــتگیری دەکرێــت، کــە گۆشــە لاکیشــە چەرمەکــە دەکاتــە چــوار، یــان پێنــج بــەش. پشــتگیری هەیــە، کــە چەندیــن قاچیــان هەیــە کــە لــە ڕاســتەیەکی تەنــک لــە دار دروســتکراون پێــی دەگوترێــت پــرد، و ناوەندەکانیــان لەســەر پێنــج قاچــی ســتونی، کــە ڕاســتەوخۆ لەســەر پــەردەی پێســت جێگیــر کــراون. ژمــارەی ژێیەکانــی قانــون لــە نێــوان ٦٣ بــۆ ٨٤ ژێیــە، بــەزۆری ٧٨ ژێیــە، هــەر دەنگێــک لــە ســێ ژێــی ســیانی پێــك دێــت و پێــک دەهێنــن پێــی دەوترێــت کۆمەڵــەی ســیانی، واتــە لــە نێــوان ٢٤ بــۆ ٢٦ ژێیــە کــە بــە شــێوەی ســیانیین. ژێیەکانــی قانــون بــە ئەلەمنیــۆم و ســتیل ڕووپــۆش کــراوە و لــە نایلۆنیــش دروســت دەکرێــن، لــە یاســا تازەکانــی دروســتکردن ژێیــەکان ئاوریشــمی کــە بــە تەلــی زیــو ڕووپــۆش کــراون بــۆ ژێیــە بەمــەکان بــەکار دەهێنرێــن، بــۆ بەرگەگرتنــی گــرژی، و کێشــکردن، هەروەهــا بــۆ دەنگەکانــی ســەرەوەش بــەکار دێــت. ژێیــە ســتییلەکان پــۆشراون، نایلــۆن بــۆ تــەواوی ژێیەکانــی تــر بــەکار دەهێنرێــت، ژێیەکانــی لــە ســیم دروســتکراو بــۆ دەنگــە تیــژەکان بــەکار دەهێنرێــت، کــە پێشــتر لــە ڕیخۆڵــەی بــەرخ، واتــە ڕیخۆڵــە و ئاوریشــم ژێیــەکان لــێ دروســت دەکــران (حســن،١٩٩٢: ١١١-١١٢).

**٢-٨ کلیلی سکێڵ**

نووســینی بەرهــەم و دانــراوە موزیکییەکانــی قانــون لەســەر کلیلــی (ســۆڵ) نووسراونەتــەوە، بــەڵام نووســینی مۆدێرنــی ئــەم ئامێــرە بۆتــە دوو کلیــل: کلیلــی (ســۆڵ - هێڵــی) دووەم بــۆ دەســتی ڕاســت و کلیلــی (فــا - هێڵــی چــوارەم) بــۆ دەســتی چــەپ.



**٢-٦ دەنگەوارەی ئامێر**

قانــون ڕووبەرێکــی مێلــۆدی فراوانــی هەیــە کــە دەگاتــە ســێ ئوکتــاڤ و نیــو، ناوچــەی دەنگــی جۆراوجــۆر لەخــۆ دەگرێــت کــە بڕیــاری تۆنەکــە و وەڵامەکــەی تێکــەڵ دەکــەن، ڕێگــە بــە موزیکــژەن دەدات بــە ئــازادی گواســتنەوە و گۆڕینــی تــۆن، نووســینی مۆدێــرن بــۆ ئــەم ئامێــرە بووەتــە هەمــان حاڵەتــی ئامێــری پیانــۆ، لەســەر دوو کلیــل: کلیلــی (ســول) بــۆ دەســتی ڕاســت و کلیلــی (F هێڵــی چــوارەم) بــۆ دەســتی چــەپ لــە هەندێــک پارچــە موزیکــدا (علــوان،٢٠١٣ : ٤٤٢-٤٤٣) (ســول) بــۆ دەســتی ڕاســت و کلیلــی (F بــە پلــەی یاکــە (قــراری فــا) دەســت پــێ دەکات و بــە پلــەی (دۆی زیــر) کۆتایــی دێــت.

**٢-٧ بەشەکانی قانون و ناوەڕۆکەکەی سەندوقی دەنگ**

١- سەندوقێکی ناو بۆشە، کە چەند پارچە و ستوونی تێدایە، بەشەکانی ئامێرەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە وەك: پاڵپشتی بەشی سەرەوەی سەندوقی دەنگ ٤ تا ٦ بۆشایی نەخشێندراوی تێدایە بە دەرچەی دەنگ دادەنرێت پێی دەگوترێت دەرچە (شمسیە) ئەم سەندوقە لەچەند بەش پێك دێت کە ئەمانەن:-

٢- **بینەر (القبلە):** بنکە بچووکی پێشەوەی ئامێرەکەیە لە تەختەیەکی بەهێز دروست دەکرێت، پارچەکانی ئامێرەکەی لەسەر چەسپ دەکرێت.

٣- **بەستەر (کعب):** دەکەوێتە لای ڕاستی ئامێرەکە و بینەر و بنکەی گەورەی ئامێرەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە لە تەختەیەکی بەهێز دروست کراوە، وەك: داری گوێز، یان بەڕوو ناوی کوڵدراوە لە ناوەوە بۆ سەرەوە، بۆ هەر دەنگێك سێ کونی سێگۆشەیی دروستك راوە.

٤- **بنکەی گەورە (القاعدە الکبری):** لە تەختەیەکی بەهێز دروست دەکرێت و پارچەی ئامێرەکانی لەسەر دە چەسپێنرێت و ژێرەکەی بۆشە.

٥- **پێستە (الرقمە):** بەشێکی گرنگە لەدروستکردنی ئامێرەکە بەلای ڕاست و سەرەوەی سندوقی دەنگ دەچەسپێنرێت، بۆ ٤-٥-٦ خانە دابەش دەبن بەپێی گەورەیی و بچووکی ئامێرەکە.

٦- **پرد (جسر)**: ئەم بەشە لە تەختە دروست دەکرێت و ژێیەکانی بەسەردا تێدەپەڕێت پێچکەکانیشی دەکەونە سەر ئامێرەکە و لە دوو بەش پێك دێت.

٧- أ- **سەر پرد (فرس)**: بەشی سەرەوەی پردە شێوەی هەرەمی هەیە لە دارێکی بەهێز دروست دەکرێت.

ب- **پێچکە-پایە (رکیزە):** بەشی خوارەوەی پردەکەیە و شێوەی چوارگۆشەیە، یان بازنی پانە لە سەر پێستە دەچەسپێت.

٨- **گرتە (الماسك):** شوێنی بەدەستەوەگرتنی ئامێرەکەیە بێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێ بگات.

٩- **ژێبەست (الملاوی):** لە دارێکی پتەو دروست دەکرێت، وەك: ئەبەنوس سەری ژێبەست هەرەمییە، قەدێکی بازنەیی درێژی هەیە و لە ژێر سەرەکەی کونێك هەیە.

١٠- **ڕاستەی ژێبەست (مسطرة الملاوي):** لە تەختە دروست کراوە و بەلای چەپی سندوقی

ئامێرەکەوە بەندە و ژێیەکانی لەسەر بەند دەبن (زانا،٢٠٢٢،چاوپێکەوتن).

١١-**عەرەبە عروبە- دەنگ گوڕ- نەغمەگوڕ- نرکە گور (عربة) :**

عروبەکان لە کانزا دروست کراون و دەکەونە تەنیشتی دەستی ڕاستی کلیلەکانەوە. لە هەندی ژێدا ژمارەیان تا (١٠) دانە دەبێت کاریان گۆڕینی دەنگەکانی ئامێرەکەیە، بۆ نموونە کاتێك قانوون ژەن بیەوێت لە مقامێکەوە بۆ مقامێکی تر بڕوات، پەنا بو ئەو عروبانە دەبات، کاتێك بیەوێت دەنگی ژێیەك بەرز بکاتەوە، دەبێ دانەیەك، یا زیاتر لەم عروبانەی ژێر ژێیەکان بەرز بکاتەوە، کاتێکیش بیەوێ دەنگی ژێیەك نزم بکاتەوە، دانەیەك یان زیاتر لەم عروبانەی ژێر ژێیەکان دادەگرێتە خوارەوە. ئەم پارچە کانزایانە کاری قانوون ژەنیان ئاسانتر کردووە، پێش ئەوەی ئەم پارچە کانزایانە دابهێنرین، قانون ژەن بۆ گۆڕینی چینەکانی دەنگی ئامێرەکە، بە پەنجەی گەورەی دەستی چەپی ئەو کارەی ئەنجام دەدا (احمد،٢٠١٦ : ١٧٨)

١٢- **کلیل (مفتاح):** لە ماددەیەکی ڕەقی وەك مس، یان فافۆن دروست دەکرێت بۆ کۆککردنی ژێیەکانی ئامێرەکە.

١٣- **ژێ (الاوتار):** ماددەی نایلۆن یان لە کانزا (سیم) دروست کراوە لە ١،٣٦ ملم تاوەکو ٠،٤٧ ملم دروست دەکرێت، بەسیستەمێکی دیاری کراو لە ئامێرەکە دەبەستریت.

١٤- ئەنگوستیلە (**کشتبانە):** بە زۆری لە کانزای ستیل یان کرۆم دروست دەکرێت، دەتوانرێت گەورە، یان بچووك بکرێتەوە بە گوێرەی پەنجەی ژەنیارەکە.

١٥-**تۆنەدەر (ریشە):** ئامرازێکە بەکار دێت بو ژەنینی ئامێری قانون لە (قۆچ- شاخ)ی ئاژەل جار جاریش لە ماددەی پلاستیکی بەهێز دروست دەکریت (زانا،٢٠٢٢،چاوپێکەوتن)

**٢-٨ تەکنیکەکانی ژەنین لەسەر ئامێری قانون**

١- ژەنیین بە هەر دوو دەست لە دووری ئۆکتاڤێك.

٢- گۆڕینــی نەخشــێندراو (الزخرفــة) لەســەر یــەک ژێ، و پەیــژە گۆڕکــی.

٣- گۆڕینــی (فــەرداج) بــە هــەر دوو دەســت لــە دووری ئۆکتاڤێـك، فـەرداج لەسـەر یـەک ژێ، و داگیرسـاندنی یـەک ڕسـتە گۆڕیـن لەسـەر یـەك ژێ.

٤- لێــدان و گوشــارکردن بــە پەنجــەی گــەورەی دەســتی چــەپ، و خلیســکان.

٥- تۆنی بەردەوام.

٦- نەخشاندن لەسەر شێوەی ترپە.

٧- فرە دەنگی.

٨- گوشــار و ڕاکێشــانی ژێ بــە پەنجــەی و ناوەڕاســتی دەســتی چــەپ.

٩- تیمپۆی ڕێکخراو.

**٢-٩ دەرکەوتی ئامێری قانون لە کوردستانی عێراق.**

سـەرەتای دەرکەوتنـی ئامێـری قانـون لـە سـەدەی ڕابـردوو لـە کوردسـتانی عێـراق لەلایـەن کەسـێکەوە بـە نـاوی (قـادر ئاغـا) لەشـاری کۆیـە بـەکار هاتـووە. لـە سـەربازی فێـری ئـەم ئامێـرە بـووە ماوەیـەك ئەندامـی تیپـی موزیکـی سـەربازی بـووە (ئەحمـەد، ٢٠١٦ :١٩٠). بـەڵام ڕێککەوتـی هێنانـی ئامێرەکـە نەزانـراوە، ئـەم ئامێـرە لـە موزیکـی کـوردی بـەکار هێـنراوە و لـە لایـەن ژەنیارانـی کۆمپانیاکانـی تۆمـاری موزیـك لـە بەغـدا، دواتـر لەئێزگـەی کـوردی مەرزانـدراوە. هەروەهـا لـە لای هەنـدێ لـە ئارەزوومەنـدان.

ئـەم ئامێـرە بـۆ یەکـەم جـار لـە کوردسـتانی عێـراق بـە شـێوەیەکی ئەکادیمـی لـە لایـەن مامۆسـتا (ئەنـوەر تاهیـر) ەوە بـەکار هێـنراوە، کـە یەکـەم قوتابیـی کـورد بـووە، لـە پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا، لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٩- ١٩٦٣ لەسـەر ئـەم ئامێـرە، لەبەشـی موزیـك بـە یەکـەم ژەنیـاری کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق دادەنرێـت (زانا،٢٠٢٣،چاوپێکەوتـن). ئەمـە وایکـرد سـەرنجی موزیکژەنانـی کـورد ڕابکێشـێ و قانـوون لـە کوردسـتان بـوو بـە پێویسـتییەك و زەروڕەتێـك، کـە ئـەم ئامێـرە بـەکار بهێنرێـت لـە چوارچێـوەی گروپـە موزیکییەکانیـان.

**٢-١٠- بەکارهینانی ئامێری قانون لە موزیکی کوردیدا**

بەکارهێنانــی قانــون لــە کوردســتان جیاوازییەکــی ئەوتــۆی نییـە، لەگـەڵ بەکارهێنانـی لـە وڵاتانـی عەرەبـی و ڕۆژهەڵاتیـدا تەنهـا لایەنـی ڕۆحـی نەبێـت. جگـە لـەوەش لـە لایەنەکانـی گۆرانــی گوتــن و ئەنجامدانــی (هەروایــی- ارتجــال)، یــان (تقسـیم- تـاك ژەنییـن)، پێـش دەسـتپێکردنی گۆرانـی وتـن بــەکار هاتــووە، جگــە لــە بەکارهێنانــی بــۆ یاوەریکردنــی دەنگـی (مـەوال- سـەرهەوا)، کـە لەلایـەن گۆرانیبێـژی (سـۆڵۆ- تـاك بێـژی) پێشـکەش دەکرێـت. هەمـان شـت بـۆ ئاوازدانانیـش دەگونجێـت، کـە هەندێـک لـە ئاوازدانـەرەکان و ژەنیارەکانـی قانــون مێلۆدییەکانیــان لەســەر ژێیەکانــی دادەڕێــژن. ئەمــە یارمەتیدەرێــك بــووە داهێنــان لــە جوانتریــن و نایابتریــن ئـاوازدا بکـەن، بـە هـۆی ئـەو تایبەتمەندییـە هونەرییانـەی ئـەم ئامێـرە هەیەتـی، ژەنیـاری قانـون پێگەیەکـی بـەرزی لـە نـاو گروپـە موزیکییـە ڕۆژهەلاتییەکانـدا هەیـە، کـە ڕوڵـی تەنهـا دەگێڕێـت (سـۆلۆ- تـاك ژەنـی) لەکاتـی ژەنینـی پارچـە موزیـك و گورانـی کـوردی و موزیکـی ڕۆژهەڵاتـی. لـە گروپـە موزیکییــە ڕۆژهەڵاتییەکانــی وڵاتانــی دەوروبــەردا. ئامێــری قانـون دەورێکـی بـاڵا دەگێڕێـت لـە موزیکـی کـوردی لەبـەر ئـەوە خواسـتێکی زۆری لاوانـی کـوردی لەسـەرە بـۆ فێربوونـی لـە بـواری خوێنـدن، یـان وەك: ئارەزوویـەك. هەروەهـا ڕۆڵـی ئامێـری قانوونـی سـەرەکی لـە تەختـی ڕۆژهەڵاتـی لـە ژەنینـی زۆربــەی بۆتــەی موزیکییــەکان و گۆرانــی وەك: (ســەرهەوا- مــەوال) و گۆرانـی نیشـتمانی و سـۆزداری و میللـی، هەروەهـا بۆتەکانــی تاکژەنــی ئامێــری و پێشــەکیی موزیکــی ئامێــری قانـون. لـە گەلێـك تیپـی موزیکـی کـوردی سـەری هەڵـدا وەك: ئامێرێکـی سـەرەکی و گرنگتریـن ڕۆڵـی ئـەم ئامێـرە ئەوەیـە زاڵبوونــی (ئەدایــە- نمایــش) لــە نــاو تیپــە موزیکییــەکان کــە ڕۆڵیکــی کاریگــەری زۆری هەیــە لــە دەوڵەمەندکردنــی بەرهەمــی موزیکــی ئامێــری و گۆرانــی. کــە ژەنەرەکانیــان (ئەدای-نمایـش) ئامێـری ناوازەیـان پێشـکەش کـردووە. ڕوون و ئاشـکرایە بـۆ هەمـوو لایـەك لـە ڕێـگای تۆمارکردنـی ژەنینـی ئامێـری و گورانـی گوتـن سـەرەڕای دانـراوی موزیکـی زۆر هەرچەنـدە ئامێـری قانـون ئامێرێکـی گرنگـە، لەچوارچێـوەی گۆرانـی کوردیشـدا ئامێـری قانـون جێـگای خـۆی کردۆتـەوە.

**٢-١١ڕۆڵ و گرنگــی قانــون لــە تیپــی موزیکــی هونــەری هەولێــردا**

ڕۆڵ و گرینگــی قانــون لــە تیپــی موزیکــی هونــەری هەولێردا دەگەڕێتــەوە بــۆ پرۆســەی (گوتنەوە-الترجمــە) کردنــی موزیکــی ئــەو شــتانەی، کــە گۆرانیبێــژ پێشکەشــی دەکات لــە (مــەوال- ســەرهەوا) و بەشــەکانی گۆرانــی بــەم کارە، کەشــێکی گونجــاو بــۆ گۆرانیبێــژ ئامــادە دەکات. هەروەهــا پاڵپشــتی ئامێــری قانــون دەکات، کــە ڕۆڵــی ســەرەکی لــە کۆنترۆڵکردنــی ئامێرەکانــی تیپــی موزیــك بــکات. هەرچەنــدە قانــون بــۆ گۆرانیبێــژ لــە تیپەکانــی ڕۆژهەڵاتــدا گرینگــی زۆری هەبــوو.

بــەڵام هەڵەیەکــی بــاو لــە نێــوان هەندێکــدا هەبــوو، چونکــە قانونیــان وەک ئامێرێکــی یاریــدەدەر و بــێ پێگــە دەزانــی، لەگــەڵ ئــەوەی ئــەم ئامێــرە کەسایەتیی ســەربەخۆی خــۆی هەیــە. و پێشــتر پاســاویان بــۆ ئــەم وتەیــە دەهێنایــەوە، کــە ڕۆڵــی قانون تەنیــا لــە وەرگێڕانــدا (ترجمــە- گوتنــەوە) سنووردار بــووە، ئــەوەی گۆرانیبێژەکــە ئەنجامــی دەدات، وەکــو (مــەوال- ســەرهەوا) گۆرانــی، بێگومــان ئــەم وتەیــە ڕاست نییــە، چونکــە ئامێــری قانــون، جگــە لــە وەرگێڕانــی – ترجمــە کــردن ئــەو (ســەرهەوایەی-مەوال)، کــە گۆرانیبێژەکــە ئەنجامی دەدات وە چەنــد بەشــە گۆرانــی، وەک چــۆن ڕۆڵێکــی ســەرەکیش دەگێــڕن، جگــە لــە وەرگێڕانــی ئــەوەی گۆرانیبێژەکــە ئەنجامــی دەدات، وەکــو: (مەوال-ســەرهەوا) و پارچــە گۆرانــی هەروەهــا ڕۆڵــی مــەزن دەگێڕێــت لــە وەرگێرانــی (مەوال-ســەرهەوا) پارچــە گۆرانــی گۆرانیبێژەکــەدا هەروەهــا ڕۆڵێکــی ســەرەکی لــە ســوڵتانییەتی گۆرانیبێژەکــەدا هەبــووە، پێــش گۆرانــی گوتــن ڕێگــەی بــۆ خــۆش کــردووە و کەشــوهەوای بــۆ گۆرانــی گوتــن لــە ڕێگەیــەوە ئامــادە کــردووە بــە نمایشــکردنی هەندێــک لــە ســوڵتانییەتی گۆرانیبێژەکــە و ڕێگــەی خۆشــکردن بــۆی پێــش گۆرانــی گوتــن و ئامادەکردنــی کەشــوهەوا بــۆ گۆرانــی گوتــن لــە ڕێگەیــەوە ئەنجامدانــی هەندێــک (تقســیم- تــاك ژەنــی) لەســەر ئــەو مقامــی کــە گۆرانیبێــژ لێیــەوە گۆرانــی دەڵێــت. ڕۆڵــی قانــون بــە ڕوونــی لــە گۆرانییەکانــی محەمــەد جــەزا بەتایبەتــی لــە گۆرانــی (کــەژاڵ و جوانــی کوێســتان)ی ســەلاح محەمــەددا دەردەکەوێــت، کــە تێیــدا قانون ژەن جــەلال عەزیــز زەینــەل یــاوەری بــووە و تــاك ژەنــی لــە گۆرانییەکانــدا کــردووە.

بەشــێک لــە پێشــەنگەکان لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەی بیســتەمدا گرینگــی زۆریــان بــە ژەنینــی ئامێــری قانــون دابــوو، کــە بەشــداری کــردن بــووە لــە کۆکردنــەوەی دوو شــێوازو دوو جــۆری گوتــن و دەربڕیــن لــە یــەك کاتــدا و لــە کاتــی ژەنینــی ئامێــری قانونــدا. ئەنــوەر تاهــیر خــدر بــە پێشــەنگی ئــەم قوتابخانــە ئامێرییــە دادەنرێــت لــە پێشــەنگەکانی ئــەم قوتابخانــە ئامێرییــەدا، "جــەلال عەزیــز زەینــەل" دەبینینــەوە، کــە بــە شــێوازێکی تایبــەت لــە پێشکەشــکردنی (ســۆلۆ- تــاك ژەنــی) جیــا کرایــەوە، بەتایبەتــی لــە پێشــەکییەکانی لەنــاو گۆرانیــدا. (هونــەرکاری طرابیــة) لەســەر قانــون، و لــە نیــوەی دووەمــی حەفتــاکان و ســەرەتای هەشــتاکان ســەدەی بیســتەمدا نیشــانەکانی شــێوازێکی نــوێ بــۆ گەشەســەندنی ژەنییــن دەرکەوتــن، هەندێکجــار بــە ســێ پەنجــە، دواتــر بــە هەمــان ئاراســتە لەوانــدا دەجووڵایــەوە دوای زانــا ئەنــوەر تاهیــر، کــە پــەرەی بــە ژەنینــی قانــون داوە بــە بەکارهێنانــی شــێوازی فرەدەنگــی.

١- تاك ژەنی.

٢- تــاك ژەنــی پێــش (مەوال-ســەر هــەوا) و یاوەریکردنــی گۆرانیبێــژ لــە کاتــی پێشکەشــکردنی مــەوال.

٣- گوتنــەوە و چڕینــی ئــاوازی ســەرەکی لەگــەڵ گۆرانیبێژەکــەدا بــە بۆتــە ڕۆژهەڵاتییــە جۆراوجــۆرەکان.

٤- ئەنجامدانــی (ئەدا-نمایشــی) موزیکــی بەکۆمــەڵ و لەزمەکانــی موزیکــی لەگــەڵ ئامێرەکانــی تــر.

٥- ئەنجامدانــی (ئەدای-نمایشــی تــاك) بــۆ گەلێــك لــە بەرهەمــەکان بــە هاوڕایەتــی گروپــی موزیــك.

**٣- پێشەنگەکانی ژەنینی ئامێری قانون**

**١- ئەنوەر تاهیر خدر**

هونەرمەنــد موزیکــژەن و ئاوازدانــەر و مقامنــاس و گورانیبێــژی گــەورەی کــورد (ئەنــوەر تاهیــر) لــە ســاڵی ١٩٤١ لــە گەڕەکــی قــەڵای شــاری کۆیــە، شــاری حاجــی قــادر و ئەمیناغــای (ئەختــەری شــاعیر) و ســێوە و تاهیــر تۆفیــق چــاوی بــە دنیــا هەڵهێنــاوە، لــە نێــو هاوڕێکانــی بــە (مــەلا ئەنــوەر) ناوبانگــی دەرکــردووە، هــەر لــە شــاری کۆیــە، قۆناغــی ســەرەتایی و ناوەنــدی تــەواو دەکات. لــە ســاڵی ١٩٥٩ بــە مەبەســتی درێــژەدان بــە خوێنــدن دەچێــت بــۆ بەغــدا و

لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەردەگیرێت.

سەرەتای ژیانی هونەریی مامۆستا ئەنوەر بە گۆرانی دەستی پێ کردووە و، دواتر کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەردەگیرێت، لە بەشی ئامێرە فوودارەکان دەست بەکار دەبێت و لە لای مامۆستایەکی چیکی بەناوی (کۆبنتیستا)، ئامێری کلارنێت دەژەنێ، دواتر دەگوێزرێتەوە بۆ سەر ئامێری قانون، دوای سێ ساڵ بەردەوام بوون لە خوێندن بڕوانامەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بە دەست دێنی، لە ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان لە هەمان ساڵدا لە قوتابخانەی غەزالیەی شاری کەرکووك دادەمەزرێت و دەبێتە مامۆستای هونەر، لەو کاتەشدا تیپێکی موزیك بە ناوی (سۆلاڤ) سەرقاڵی کار و چالاکییە هونەرییەکانی دەبن، هونەرمەند (ئەنوەر تاهیر) پەیوەندی بەو تیپەوە دەکات، ئەم تیپە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستنی هونەری موزیك هەبووە. هونەرمەند قادر مەردان یەکێك بووە لە هاوڕێکانی پەیمانگا کە ئەویش لەم تیپە ئەندام بووە، هونەرمەند ئەنوەر تاهیر یەکێك بوو لە هونەرمەندە دڵسۆز و دەست و دڵپاك و خاوەن گوێیەکی بەهێز و خەمخۆری هونەری نەتەوەکەی خۆی بوو، مامۆستا (ئەنوەر) ڕۆحی هەموو تیپە موزیکییەکانی کوردستان بوو ڕوحی هاوکاری بەرزی هەبوو ماندوونەناس بوو، بە هەموو میهرەبانییەکەوە کارەکانی دەگرتە ئەستۆ و ژەنیاریکی زۆر لێهاتوو بوو، هەروەها ئامێری کەمانچەشی زۆر بەباشی دەژەند، ئاوازدانەر و گۆرانیبێژێکی لێهاتوو بوو، یەکەم کاری مامۆستای خوالێخۆش بوو، ئاوازێك بوو بۆ گۆرانیبێژ علی عەزیز بەناوی (بۆ ئەو یارە لێم زیزە) هەروەها ئاوازێکی تر بۆ هونەرمەند (حمە ڕەئوف) گۆرانییەکەی بە ناوی (هەرتۆم خۆش ئەوی) هونەرمەند وانەی هونەر بە قوتابییان دەڵێتەوە و درێژەش بەکارە هونەرییەکانی دەدات پەیوەندییەکی پتەو و برایانە، لەگەڵ هونەرمەندی کۆچکردوو (شەوکەت ڕەشید) دەبەستێ.

سەبارەت بە کار و تێکۆشانە هونەرییەکانی هونەرمەند (ئەنوەر تاهیر) لە ساڵی (١٩٥٧-١٩٥٨)دا کاتی کۆمەڵەی بوژانەوەی هونەرەجوانەکانی کورد لە کۆیە دامەزرا. ئەوسا (باکووری، سەردار ئەحمەد، زاهیر محەممەد، نەشئەت حەمید، جان توماس، ئەکرەم باقی،و بیلال بەهائەدین) دەستەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە بوون. و یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری تیپی (باواجی) کۆیە هەردەم کار و چالاکی لەم تیپە پێشکەش دەکرد، تا وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی (تیپی باواجی) لە ١٩٧٣/٣/١دا لەو ساڵەدا توانیان لە ستودێوی ٢ ی تەلەڤزیۆنی بەغدا ١١ گۆرانی ڕاستەوخۆ تۆمار بکەن. هونەرمەند کاتێك قوتابیی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بووە، لە تەك هونەرمەند زاهیر محەمەدی هاوڕێ و هاوشاری" دەچێتە ڕادیۆی کوردی بە مەبەستی کاری هونەری لە لایەن لیژنەیەك دەنگی تاقی کراوەتەوە، لە لایەن چەند هونەرمەندێکەوە کە لەو کاتە مامۆستای مقامات و بەستەی کوردی بوون وەک عەلی مەردان و ئەحمەد خەلیل و نازم نەعیم، هونەرمەند ئەنوەر تاهیر وەك گورانیبێژ ڕەزامەندی دەدەن کە گۆرانی بو تۆمار بکەن لە هەمان کاتدا هونەرمەند عەبدوڵلا دڵسۆزیش قبوڵ دەکرێت، هونەرمەند ئەنوەر تاهیر و عەبدوڵلا دڵسۆز چەند گۆرانییەك بۆ ڕادیۆ تۆمار دەکەن، گۆرانییەکان لە ئاوازی هونەرمەند زاهیر محەمەد دەبن، دوای مانەوەی هونەرمەند بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە شاری کەرکووك، هونەرمەند ئەنوەر تاهیر لە ساڵی ١٩٦٧ بە یەکجاری دەگەڕێتەوە شار و زێدی خۆی، وانەی هونەر بە قوتابییانی ئەم شارە دەڵێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ئەندامێکی چالاکی تیپی موزیکی باواجی کۆیە دەبێت. هونەرمەند بەشێك بوو لەو مێژووە پرشنگدارەی تیپی موزیکی باواجی پێ دەبرێت هونەرمەندێکی دەستوپەنجە زێڕین و بەئەمەکی تیپی ناوبراو بوو، جیا لە ژەنینی ئامێری قانون ئاوازدانەریش بوو چەند ئاوازێکی بۆ هونەرمەندان وەك وریا عوسمان و خودی خۆشی چەند گۆرانییەکی لە ئاوازی خۆی لەگەڵ تیپی موزیکی باواجی کۆیە تۆمار کردووە لە هەمان کاتیشدا مقاماسێکی بێوێنە بووە گوێیەکی هەستیاری موزیکی هەبوو، هەروەها ڕەخنەگرێکی داهێنەری ڕاستگۆ بوو، لە ماوەی ژیانی هونەریدا زۆر هونەرمەندی پێ گەیاندووە، پایەیەکی گرینگی تیپی باواجی کۆیە بووە. لە ڕێککەوتی (١٩٩٦/١/١٤) ماڵئاوایی لە ژیان و هونەر دەکات، و دوو کوڕ و سێ کچ لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ،

زانـای کـوڕی ڕێچکـەی باوکـی دەگرێتەبـەر و یەکێکـە لـە ژەنیـارە بەتواناکانـی ئامێـری قانـون و پـەروەردەی مامۆسـتای خوالێخۆشـبوو بـوو (زانـا، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتـن)

**٢ - جەلال عەزیز زەینەل**

هونەرمەنـد جـەلال عەزیـز یەکێکـە لـە موزیکـزان و ژەنیـارە ناودارەکانـی ئامێـری قانونـە لـە کوردسـتان، لـە ڕێککەوتـی (١٩٥٧/٤/١) لـە شـاری کۆیـە لـە دایـك بـووە، لـە خێزانیکـی هونەرپـەروەر گـەورە بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە شـاری کۆیـە تـەواو کـردووە، دەرچـووی خانـەی مامۆسـتایانی هەولێـرە. بـە هونەرمەنـدی گـەورەی عـەرەب (صەبـاح فەخـری) سەرسـام بـووە، هـەر بـەو هۆیـەوە بـە هاوکاریـی هونەرمەنـدی گـەورە مامۆسـتا (ئەنـوەر تاهیـر) هەوڵـی دروسـتکردنی ئامێـری قانوونـی داوە، کـە یارمەتـی زۆری داوە، بـۆ هێنانـەدی ئاواتەکـەی، ئامێرێکـی قانـون دروسـت دەکات، ئەمـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی لـە بـواری دروسـتکردنی ئامێـری موزیکـی و چاککردنـەوی ئامێـرەکان پشـت بـە مامۆسـتای ناوبـراو ببەسـتێت. لـەلای مامۆسـتا (ئەنـوەر تاهیـرەوە) وانـەی تیـۆرە موزیکییـە ڕۆژهەڵاتییـەکان دەخوێنێـت ١٣ مقامـی ڕۆژهەڵاتـی لا فێـر دەبێـت، حـەز و ئارەزوویەکـی زۆری بـۆ هونـەری موزیـك دەبێـت. بـەم هۆیـەوە دەسـتکاریی هەندێـك ئامێـری موزیکـی کـردووە لـە ئامێـرە ڕۆژئاواییەکانـەوە گۆڕیویەتـی بـۆ بەکارهێنـان و ژەنینـی ڕۆژهەڵاتـی، بـە هاوکاریـی ژەنیـاری ئامێرەکـە لـە سـاڵی (١٩٧٥) بـەرەو شـاری بەغـدا دەڕوات و بـۆ وەرگیرانـی لـە پەیمانـگای هونەرەجوانەکانـی بەغـدا، بـەڵام بـە هـۆی بارودۆخـی سیاسـیی ئەوسـای عێـراق و کوردسـتان لـە پەیمانـگای ناوبـراو وەرناگیرێـت. یەکـەم بەشـداریکردنی وەك ژەنیـار لـە ئاهەنگـی نـەورۆزی سـاڵی (١٩٧٧) لـە قوتابخانـەی (حاجـی قـادر) لـە شـاری کۆیـە بـوو، دواتـر لـە پەیمانگـەی خانـەی مامۆسـتایانی هەولێـر وەردەگیرێـت هـەر لـەم ماوەیـە دەبێتـە ئەندامـی تیپـی موزیکـی هەولێـر وەك ژەنیـاری ئامێـری قانـون لەگـەڵ ئـەو تیپـە لـە چەندیـن کاری هونـەری و ئاهەنـگ و گۆرانـی و موزیـك بەشـدار دەبێـت، لـە تۆمارکردنـی ٢١ بەرهەمـی گۆرانـی و موزیـك و ئۆپەرێتێـك لـە بەغـدا (١٩٧٨) بەشـداریی کـردووە، لـە تۆمارکردنـی کاسـێتی گۆرانـی بـۆ هونەرمەندانـی میللـی لـە سـاڵی (١٩٧٩) لەگـەڵ تیپـی موزیکـی هونەریـی هەولێـر لـە ئاهەنگـی نـەورۆز لەگـەڵ هونەرمەنـدی گـەل تاهیـر تۆفیـق لـە هۆڵـی گـەل بەشـدار دەبێـت، هەروەهـا لـە هەمـوو ئاهەنگەکانـی شـاری هەولێـر بەشـداریی کـردووە. هونەرمەنـد (جـەلال عزیـز) لەپـاڵ ئامێـری قانـون ئامێـری عـود و کەمانیشـی ژەنیـوە، دوای تەواوکردنـی خانـەی مامۆسـتایان لـە گونـدی کێشـکی وەك مامۆسـتا دادەمەزرێـت، دواتـر دەگوێزرێتـە گونـدی جەلـی، پاشـان بـۆ ناحیـەی تـەق تـەق وەك مامۆسـتای هونـەر وانـەی سروودی پـی سـپێردرا، لـە سـاڵی (١٩٨٣) گواسـترایەوە بـۆ شـاری کۆیـە وەك مامۆسـتای موزیـك و سرووود لـە قوتابخانەکانـی کۆیـە وانـەی گوتۆتـەوە، لەگـەڵ تیپـی موزیکـی باواجـی لـە کارە هونەرییـەکان بـەردەوام دەبێـت. لـە سـاڵی (١٩٨٣) لـە کاتـی سـەردانی وەزیـری دەوڵـەت عێـراق بـۆ کۆیـە یاداشـتێك پێشـکەش بـە وەزیـر دەکات بـۆ گەڕانـەوەی مۆڵەتـی تیپـی موسـیقای باواجـی دوای هەفتەیـەك دووبـارە ڕەزامەنـدی دەدرێـت بـە گەڕاندنـەوەی مۆڵەتەکـە بـۆ تیپـی باواجـی، دووبـارە تیپـی موزیکـی (باواجـی) بـە فەرمـی کەوتـەوە کار، لـەم تیپـە وەك ئەندامـی دەسـتەی کارگێـڕی تیـپ هەڵبژێـردرا. لـە هەمـوو کارو چالاکییـە هونـەری و نیشـتمانییەکانی ئەوسـای ئـەم تیپـە بەشـداریی کـردووە، چەندیـن گۆرانـی بـۆ هونەرمەندانـی کۆیـە و تـەق تـەق و هاوتـا ئەسـعەد و یادکردنـەوەی خاڵـە تایـەر گوتـووە، لـە سـاڵی (٢٠٠٤) بـوو بـە سەرپەرشـتیار لـە یەکـەی سەرپەرشـتیارانی پـەروەردەی شـاری کۆیـە، لـە سـاڵی (٢٠١٣) سـی دیەکـی ٩ تراکـی موزیـك تۆمـار دەکات، لـە سـاڵی (٢٠٢٠) خانەنشـین دەبێـت و دواتـر لـە کار و چالاکییـە هونەرییـەکان هـەر بـەردەوام دەبێـت، لـە تەلەڤزیۆنەکانـی نـاوەوەی هەرێـم و دەرەوەی هەرێـم، چەندیـن کۆنسـێرت و بەرنامـەی هونـەری ئەنجـام داوە (زەینەل،٢٠٢٢،چاوپیکەوتـن).

**٣- مستەفا ڕەئووف شێخۆ**

مسـتەفا ڕەئـوف شـێخۆ لـە سـاڵی ١٩٤٢ لەشـاری هەولێـر لـە دایـك بـووە یەکێـك بـووە لـە ژەنیارەکانـی ئامێـری قانـون و عـوود، سـەرەتای ئەزموونـی هونـەری دەگەڕێتـەوە بـۆ قوتابخانـەی ئیـبن مسـتەوفی کـە دەبـێ بـە ئەنـدام لـە تیپـی کـۆڕاڵ. لـە قۆناغـی ئامادەیـی فێـری ژەنینـی ئامێـری عـود بـووە،

و لەپاڵ ئەم ئامێرەش هەوڵی فێربوونی ئامێری قانونیش دەدات. ئامادەیی هەولێری تەواو کردووە، بە سەرپەرشتیی مامۆستا جەواد ڕەسوول بەشداریی لە هەموو چالاکییەکانی قوتابخانەکەی کردووە. پەیمانگەی مامۆستایانی لە شاری بەعقوبە تەواو کردووە و دەرچووی بەشی پەروەردەی وەرزشیە، لە ساڵی (١٩٥٨) لەگەڵ مامۆستا جەمال هیدایەت و چەند هاوڕێیەکی تیپی موزیکی دەرسیمیان دامەزراندووە، هەروەها ئەندامی تیپی هونەری هەولێر بووە، لە ساڵی (١٩٧٢) ئەندامی تیپی موزیکی هونەرە میللییەکانە، لە ساڵانی (١٩٨٠-٢٠٠٦)، چەندین ئاهەنگی سەرکەوتوویان لە وڵاتانی نەمسا و رووسیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ساز کردووە. ئەندامی تیپی موزیکی هەولێرە وەك زانیاری و دەستەی بەڕێوەبردن، بەشداریی لە تۆمارکردنی دەیان گۆرانی و چەندین شانۆگەری کردووە (کوێستانی،٢٠٠٨،ل٣٤).

**٤- زانا ئەنوەر تاهیر**

یەکیکە لە ژەنیارە بەتوانا و ناودارەکانی ئامێری قانون لە هەرێمی کوردستان لە ڕێککەوتی لە ١٩٧٤/٥/٢٤ لە شاری کەرکووك دایك بووە، کوڕی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەنوەر تاهیرە و دانیشتووی گەڕەکی چوارچرای شاری هەولێرە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کۆلێژی پەروەردە بەشی وەرزش لە زانکۆی سەلاحەددین، لەسەر دەستی باوکییەوە پەروەردە کراوە و فێری ئامێری قانون بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ وەك فەرمانبەر لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەستی بەکار کردوە و تا ئێستا بەردەوامە. لە ساڵی ١٩٨٦ لە تیپی موزیکی باواجی کۆیە دەستی بەکاری هونەری کردووە و تا ئێستاش بەردەوامە لە کارە هونەرییەکانی، لە چەندین تیپ و گروپی موزیك کاری کردووە، دیارترینیان گروپی نالی و تیپی موزیکی زانکۆی سەلاحەددین. جگە لەوانە کاری ئاوزدانان و ئامادەکردنی موزیك و موزیکی درامی و بەرنامەی هونەری وکۆنسێرت و.....هتد کردووە، بە درێژایی٣٧ ساڵ خەریکی کارە هونەرییەکانی بووە و تا ئێستاش بەردەوامە (زانا، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتن).

**٣- ئەنجام**

١- ئامێری قانون بەکارهێنانی نوێیە لە کوردستانی عێراق لە سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە، بوو بە جێگەی بایەخ و سەرنجی زۆر لە موزیکژەنە کوردەکانی ڕاکێشا.

٢- ئەنوەر تاهیر خدر یەکەمین ژەنیاری ئەکادیمیی کورد بووە بۆ ئامێری قانون، بەهۆی وانەگوتنەوەی و دانراوەکانی، ڕۆڵێکی باڵای لە بڵاوبوونەوەی ئەم ئامێرە لە کوردستاندا هەبووە.

٣- موزیکزانانی کورد سوودیان لە تواناکانی ئامێری قانون و خاسیەتە موزیکییە فراوانەکەی وەرگرتووە، مەرزاندوویانە لە دانراوە موزیکییە جۆراوجۆرەکان.

٤- ئامێری قانون لە ژیانی ڕۆشنبیریی موزیکیدا گەشەی کردووە، ئەمەش بووە هۆی بەکارهێنانی زۆری ئەم ئامێرە لە دانراوە موزیکییە کوردییەکاندا.

٥- بەهێزکردنی تەکنیکی لە ژەنینی ئامێری قانوندا و ئەمەش ئاماژەیە بۆ پیشەیی بوونی ژەنیارەکان لە قۆناغێکی مێژووییدا.

**٤- پێشنیازەکان**

١- بەدواداچوون بۆ قۆناغەکانی گەشەی قانون لە کوردستانی عێراق.

٢- دانانی پارچەی موزیکی کوردی بۆ قانون و بەکارهێنانی کارامەیی ژەنیین، لەوانەش فرەدەنگی.

٣- کارکردن بۆ دروستکردنی قانون لە کوردستانی عێراق.

٤- لێکۆڵینەوە لە ڕێگاکانی ژەنین لەکاتی ژەنینی ئامێری قانوندا کە قوتابخانەکانی شێوازی مۆدێرنیان پێک هێنا و ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ ئەو قوتابخانانە.

٥-بڵاوکردنەوەی ئامێری قانون و خۆشەویستکردنی ئەم ئامێرە بۆ گروپە تەمەنە لاوەکان، بە ئەنجامدانی پێشبڕکێی ژەنیین، و هاندانیان بۆ دانانی بەرهەمی موزیکی.

**٥- ڕاسپاردەکان:**

١- پێویستە ژەنیار پلەیەکی بەرزی لێهاتوویی ژەنینی هەبێت بۆ ئەوەی مێلۆدییە بنەڕەتییەکان لە شێواندن بپارێزێت.

٢- گرنگیــدان بــە بەرزکردنــەوەی ئاســتی ژەنیــاری ئامێــری قانــون و ئامادەکردنــی لــە ڕووی تەکنیکییــەوە، ئەمــەش ئــازادی بــە دانــەر دەبەخشــێت کــە بەبــێ ســنووردارکردن بنووســێت.

٣- هانــدان بــۆ دروســتکردنی ئامێــری موزیــك لــە ئاســتێکی بــەرزی لێهاتوویــی و داوای پرســکردن بــە کەســانی خــاوەن ئەزمــوون لــەم کارەدا، هەروەهــا کارکــردن بــۆ پەروەردەکردنــی نــەوە لــە دوای نــەوە لــەم بــوارە هونەرییــەدا، لەســەر بنەمــای پرەنســیپی پراکتیکــی و لێکۆڵینــەوەی تەکنیکــی تایبەتمەنــد.

٤- پاراستنی ئامێرە موزیکییەکان لە فەوتان و لەناوچوون.

٥- ئەنجامدانــی لێکۆڵینــەوەی زیاتــر و لێکۆڵینــەوەی کارپێکــراو لەســەر بەرهەمــە مۆدێرنەکانــی لەســەر ئامێــری قانــون و ئــەو تەکنیکــە نوێیانــەی کــە بــۆ قانــون لەخۆدەگــرن، بــۆ زیادکردنیــان بــۆ لیســتی فۆرمەکانــی پێشــنیازکراوی.

٦-گرینگیدانــی دانــەری موزیکــی لــەوەی کــە ئاوازدانــەری موزیکــی ڕۆژهەڵاتــی بــە تــەواوی ئــاگاداری تواناکانــی قانــون و پەیوەندیــی پێشــنیازکراوی بێــت بــۆ ئــەوەی ڕێگــەی پــێ بــدات بــە شــێوەیەکی گونجــاو بــۆ قانــون بنووســێت کــە مامەڵــە لەگــەڵ تەکنیکــە ســەرەتاییەکانی ئامێرەکانــدا دەکات.

٧-پێویســتە گروپــی موزیکــی تایبــەت بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان دابمەزرێــن لــە بــەر ڕۆڵــی گەورەیــان لــە پاراســتنی نەریتــی موزیکــی وفولکلــۆری و هونــەری.

٨-کردنــەوەی بەشــە جێگیــرەکان بــۆ فێرکردنــی ئامێــری موزیکــی ژێــداری ڕۆژهەڵاتــی لــە پەیمانــگا و کۆلێژەکانــی موزیــك.

٩- ئەنجامدانــی توێژینــەوەکان کــە بــاس لــە تەکنیکەکانــی گەشەســەندنی ژەنینــی ئامێــری قانــون و پیشەســازییەکەی دەکــەن.

٦- پەراوێزەکان:

١- ئەلفارابــی بێجگــە لــە شــارەزایی لــە زانســتی موزیــك لــە چەنــد بوارێکــی دی ناوبانگــی هەبــووە وەک فەلەکناســی، فەلســەفە، فیزیــا، لۆجیــک، شــارەزای لــە ژەنینــی چەندیــن ئامێــر بــووە لەوانــە عــود وشمشــاڵ و قانــون,online). alittihad.ae المزروعــي، ٢٠٢٠).

## ٧- لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم کتێبەکان بەزمانی کوردی

- احمــد، وریــا (٢٠١٦ ) ئامێرەکانــی موزیکــی کــوردی، چاپخانــەی زانکوی ســەلاحەددین « هەولیــر چاپی دووەم.

- کوێســتانی، ئیســماعیل (٢٠٠٠) ڕووخســار و ئەزمــوون، وەزارەتــی بەڕێوەبەرایەتیــی گشــتی ڕوشــنبیری ڕۆژنامەنووســی و چاپکــردن و بڵاوکــراوەکان، هەولێــر.

بەزمانی عەرەبی:

- الحفنــي، محمــود أحمــد (١٩٧١) علــم الآلات الموســيقية، الهيئــة المصريــة العامــة للتأليــف والنــشر، مــصر.

- حســن، شــهرزاد قاســم (١٩٩٢) دور الآلات الموســيقية في المجتمــع التقليــدي في العــراق، المؤسســة العربيــة للدراســات و النــشر، العــراق.

- رشــيد، صبحــي أنــور (٢٠٠٠) تأريــخ الموســيقى العربيــة، الســلم الموسـيقى الإيقـاع الآلات، الجـزء الأول، مؤسسـة بڤاريـا للنـشر و الإعـلام، ألمانيــا الاتحاديــة، الطبعــة الأولى.

- الخشـبة، غطـاس عبـد الملـك (٢٠٠٩) الآلات الموسيقى الشرقيـة، الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب.

- الحلـو، سـليم (١٩٧٢) الموسـيقى النظريـة، الطبعـة الثانيـة، الجمهوريـة اللبنانيـة بـيروت.

- اسـحق، حسـام يعقـوب (٢٠١٢) الآلات الأطفـال الموسـيقية الشـعبية و التقليديـة في التربيـة، الموسـوعة الثقافيـة، سلسـلة ثقافيـة شـهرية تصـدر عــن دار الشــؤون الثقافيــة العامــة ١١٩، وزارة الثقافــة، الطبعــة الاولى، بغــداد.

- قسـيم هيـلات، مصطفـى، يوسـف وفاطمـة (٢٠٠٧) التربيـة الفنيـة والموسـيقى في التربيـة الطفـل، دار المسـيرة للنـشر والتوزيع،عـمان.

- جمعـة، سـلمى محمـود (٢٠٠٠) طريقـة العمـل مـع الجماعـات، المكتبــة الجامعيــة، الإســكندرية.

دووەم دیدارەکان:

- چاوپێکەوتــن لەگــەڵ هونەرمەنــد جــەلال عەزیــز زەینــەل، ژەنیــاری ئامێــری قانــون، لــە ڕێککەوتــی ٢٠٢٢/٩/٧ لــە کۆیــە.

- چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ژەنیــاری ئامێــری قانــون زانــا ئەنــوەر تاهــیر لــە ٢٠٢٢/٧/١٨، لــە کۆیــە.

- چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ژەنیــاری ئامێــری قانــون زانــا انــور تاهــیر، ٢٠٢٣/٣/٢، لــە کۆیــە.
- چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ژەنیــاری ئامێــری قانــون زانــا ئەنــوەر تاهیــر ڕیککەوتــی ٢٠٢٣/٤/٦ بــە ڕێــگای تەلەفــون.
نامەی ماستەر و دکتۆرا
- خليفــة، هــدى خليفــة محمــد. (٢٠٠٥) توظيــف الاغنيــة الشــعبية المصريــة في تعليــم العــزف عــلى القانــون للمبتدئــين، رســالة الماجســتير المنشــور، كليــة التربيــة الموســيقية، جامعــة حلــوان، القاهــرة.
گۆڤارەکان:
١- صابـر عبـد السـتار محمـود (٢٠٢٢). صياغـة مقترحـة لتدويـن إسـلوب الأداء عـلى آلـة القانـون، مجلـه علـوم والفنـون الموسـيقى، كليـة التربيـه الموسـيقية، مجلـد السـابع و الأربعـون، ينايـر.
٢- علــوان، رائــدة احمــد عبــد الجــواد. (٢٠١٣). تطــور اســتخدام آلــة القانــون في الاردن، بحــث منشــور، كليــة التربيــة الموســيقية، جامعــة حلــوان، القاهــرة، مجلــة الاردنيــة للفنــون، مجلــد ٦، عــدد٣.
٣- حــداد، وائــل (٢٠٠٩)، التقنيــات الحديثــة في اســتنباط الســلالم الموسـيقية لآلـة العـود. مجلـة أبحـاث. اليرمـوك سلسـلة العلـوم الإنسـانية والاجتماعيــة، العــدد ٢٥ المجلــد ١ جامعــة اليرمــوك، الاردن.

**سێیەم: ماڵپەڕەکان:**

1. (beitalmusica.org,2023,online)
https://www.beitalmusica.org/article/156/%D%8A7%D%84%9D%82%9D%8A%7D%86%9D88%9%D86%9.
- .2(b-sociology.com,2023,0nline)
https://www.b-sociology.com/06/2020/blog-post.html
3. (iraqiart.com,online)
http://www.iraqiart.com/music/instruments/qanon.asp.
4. (almerja.commonline)
https://almerja.com/reading.php?idm=.145126
5. (almoseqa.com,2023,online)
https://www.almoseqa.com/l/%D%8A%2D%84%9D%8A%-9D%8A%7D%84%9D%82%9D%8A%7D%86%9D%88%9D%-86%9D8%AA%D%8A%7D%8B%1D8%9A%D%8AE%D%9%87D%8A%-7D%88%9D%85%9D%83%9D88%9%D%86%9D%8A%7D%8AA%D%87%9D%8A%-7D%88%9D%8A%3D%83%9D%8AB%D%8B1
6. ( alittihad.ae,2023,online) .
https://www.alittihad.ae/wejhatarticle/105189/-%D%8A%2D%84%9D%8A%-9D%8A%7D%84%9D8%AD%D%8B%6D%8A%7D%8B%1D%8A%-9D%8A%7D%84%9D%8A%5D%8B%3D%84%9D%8A%7D9%85%D8%9A%D%8A9

## الملخص

هـذه الدراسـة تتحـدث عـن الـدور واسـتخدام آلـة القانـون في الموسـيقى الكورديـة بشـكل عـام وفرقـة اربيـل للفنـون كوردسـتان والعـراق علـى وجـه الخصـوص نظـرة عامـة و تاريخيـة للآلـة القانـون ويحتـوي علـى مـدى الصـوتي وأشـكال وأجـزاء، وكذلـك مـن حيـث الكيفيـة عزفـه بالإضافـة إلى مهاراتـه في العـزف علـى هـذه الآلـة، يـرى الباحثـون كيفيـة اسـتخدام آلـة القانـون في كوردسـتان العـراق وأبـرز العازفـين، كان لهـم الـدور في العـزف علـى هـذا الآلـة وتطويـر الموسـيقى الكرديـة. بإعطـاء بعـض الأمثلـة في اغـاني كورديـة فيهـا اسـتعملت آلـة القانـون وتنتهـي الدراسـة بعـدد مـن الاسـتنتاجات و التوصيـات والمقترحـات.


**الكلمات المفتاحية.** آلة القانون، موسيقى الكوردية، فرقة الفنية.


## Abstract:

This study discusses the role of musical instrument Qanoon in Kurdish music in general, and particularly Erbil Artistic Team (Kurdistan- Iraq). It contains an introduction and historical overview of Qanoon as musical instrument, its vocal ranges, forms and component parts rather than the most prominent skills of playing on this instrument. Researchers discuss how to use Qanoon in Kurdistan of Iraq, identifying famous musicians of this instrument, also other musician whom had remarkable roles in playing this musical instrument and improving Kurish Music through providing some Kurdish songs as specimen/ sample through which Qanoon is used.

The study concludes a list of outcomes and recommendations.


Key Words: Qanoon Instrument, Kurdish Music, Artistic Team